ئەوانەی هەرگیز لە یاد ناچن
غازی بامەڕنی ڕابەرێکی مەزنی شانۆی کوردی بوو

مێژووی تەمەنی شانۆی کوردی وەک لای هەمووان ئاشکرایە ، مێژوویەکی دورو درێژ نیە چونکە کورد وەک نەتەوەیەک تەنها ماوەی دەیان ساڵە و بگرە زیاتریش ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم هونەرە زیندوەدا کە شانۆیە پەیدا کردوە ، گەر بێتو بمانەوی باس لە مێژوی شانۆ بکەین لە کوردوستان دا بە گشتی سەرچاوەیەکی زۆر دیارو باوەڕ پیکراو نیە کە بتوانین بیکەینە بەڵگەیەکی نمونەیی ڕوون بۆ چوونە ناو دنیای ئەم بەشەی هونەرەوە ، چونکە کورد نەتەوەیەکی ژێر دەستەو بێ
بەش و خاکەکەی لە لایەن داگیرکەرانەوە هەمیشە پارچەو بەش بەش کراوەو دەرفەتی ئەوەی نەدراوەتی کە بتوانی لە هەموو ڕویەکی ژیانەوە شارەزابێت و توانای خۆی بخولقینی ، دوو چاری جۆرەها نەهامەتی و دەردە سەری و شەرو ماڵ ویرانی و کوشتار بۆتەوە ، کە بە هۆیەوە نەیتوانیوە و دەرفەتی ئەوەی بۆ نەرەخساوە بگاتە ئاستی ڕەوتی ژیانی نەتەوە پێشکەوتوەکانی جیهان لە بواری هونەردا ، وەک ئاشکراشە هونەر بە گشتی پێویستی بە دنیایەکی ئاشتی و سەقامگیری هەیە بۆ خولقاندن و ابداع کردن و پێشکەوتن ، کە گومانی تیدا نیە کورد دەرفەتی بۆ هەڵبکەوتایە لەم بوارانەدا هیچی کەمتر نە ئەبوو لە گەلانی تر ، ئیستاش پێشکەوتنی دام و دەزگا هونەری وتیپە شانۆی و کەناڵە تەلەفیزونیەکان و دراما و کارە هونەریەکانی کوردو گەیشتنەوەی بە ئاستی ڕەوتی پێشکەوتوی عەولەمەی سەردەم لەم چەند ساڵانەی دوایدا نمونەی ئەم ڕاستیەن ، لیرەدا ئەمەوێ زیاتر باس لە سەردەمێکی هەستیاری مێژووی شانۆی کوردی بکەم کە بە سەردەمی دروست کەری بناغەو داڕێژەری ئەم مێژووە ناوزەند ئەکرێ ، بێگومان ناتوانین باس لەم مێژوەی شانۆی کوردی بکەین لە هەموو پارچەکانی کوردوستاندا چونکە پێویستی بە بەڵگەو ئاماری ڕاست هەیە ، جگە لەو هەواڵ و باسانەی هەندێک شانۆیی وکاری هونەری بچوک نەبێت کە لە هەندی ڕوژنامەو گوڤارەکانی ئەو سەردەمانەی ئەو پارچانەی کوردوستان خۆیندومانەتەوە یا بیستومانە ، لەبەر ئەم هۆیە باسەکەمان پەیوەندیدارە بە مێژووی هونەرو شانۆە تەنها لە کوردوستانی باشور یا (کوردوستانی ئێراق ) کە ئەتوانین بڵین سەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠ بە سەردەمی زیرین یا بە پێشکەوتوترین ساتی شانۆی کوردی دائەنرێ لە ڕووی نواندن ودەرهێنان و تێکست و دیکورو هەموو کارە هونەری و تەکنیکیەکانی ترەوە ، هەروەها زیادبوونی ژمارەی بینەرو جەماوەری شانۆ لەسەردەمەدا ورەو هێزێکی گەورەی دا بە بەرەو پێشەوە چوونی ئاستی وشیاری وگەشە کردنی شانۆی کوردی ، چاپ کردن و بڵاو بوونەوەی چەندەها گۆڤارو ڕۆژنامەش کە زانیاری ئەکادیمیانەو بە سودی لە سەر شانۆ تێدا بوو بۆ خۆینەر یا چاپ کردنی ژمارەیەکی باش لە دەقە شانۆییە کوردییەکان و وەرگیرانی دەیان تێکست و دەقی تری عەرەبی و بیانی بۆ زمانی کوردی ، لەم ساڵانەش دا بوو چەندەها کەسی پسپۆرو شارەزای بواری شانۆ کە دەرچووی ئەکادیمیاو پەیمانگا هونەریەکان بوون گەڕانەوە بەرەو وڵات و پەیوەندیان کرد بە دام و دەزگاو تیپە هونەریەکانی کوردوستانەوە وەک ماموستایان ( ئەحمەد سالار ، غازی بامەرنی ، فازل جاف ، تەلعەت سامان ، بەدیعە دارتاش ، حیکمەت هیندی ، سەباح عبدوالرحمان ، سەعدون یونس ) لە گەڵ پۆلێک لاو کە ئەوانیش لەو ساڵانەو ساڵانی داهاتو تر گەڕانەوە بۆ کوردوستان وەک ( شەماڵی عەبە ڕەش ، کامەران ڕەووف ، پەیمان بەگوک ، شەهید کەریم عوسمان ، ئازاد جەلال ) چەندانی تر کە ناتوانم ناوی هەمویان بنوسم ئەمانە هەمووی کاریگەریەکی بنەڕەتیان کردە سەر ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوونی بزافی شانۆی

کوردی ، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە کە لەم نوسینەم دا باسی لێوە بکەم کەسایەتیەکی شایستەو بەنرخی شانۆیە کە لەو سەردەمە و ڕۆژانی دوایتری نێو ئەم بزوتنەوە شانۆیەی کوردیدا وەک ڕابەرێک و ڕیژیسۆرێکی کورد وپسپۆرێکی ئەکادیمی ، زۆر بە توانا و دڵسوزیەوە بە درێژایی ئەو چەندان ساڵەی کە لە شاری سلێمانی بوو گەورەترین خزمەتی هونەری کرد بە گشتی و شانۆی کوردی بە گشتی چ وەک ئەندامێک لە تیپی نواندنی سلێمانی دا و چ وەک ماموستایەک لە چالاکی قوتابخانەکان دا و بە دەیان ئەکتەری لە لاوان و خوێندکارو کەسایەتی ڕۆشنبیری ئامادەو پێگەیاند بۆ شانۆی کوردی لە سەر بنەمایەکی زانستیانە کە ڕۆڵێکی کاریگەرو گرنگ ئەبینن لە پێشکەوتنی ئەم بزوتنەوەیەی شانۆی کوردیدا،،!

ئەویش بەڕیز ماموستا غازی عبداللە محمەد ئەمین بوو کە بە نازناوی ماموستا غازی بامەڕنی لە ناو هونەرمەندان و نێوەندەکەدا ئەناسراو بە ناوبانگ بوو . ، ؟

(( وێنەی یەکەم ))



( شانۆی هۆڵی وەزارەتی پەروەردە ـ بەغداد )

ـ ماموستا غازی بامەڕنی لە کاتی بینیی ڕۆڵێ حیکایەتخوان ( راوی ) لە شانۆیی مانگرتن دا ـ

(( وێنەی دووەم ))



( هەمان هۆڵ و دیمەنێکی کە لەهەمان شانۆیی )

ـ ئەکتەرەکان ، ئاسایش دانش ، کەمال عومەر ، شورش ئیسماعیل ، بەهادین نوری ، جەمال مصطفی ـ

کوتایی ساڵی ١٩٧١ بوو ئێمە کومەڵێک لاو بووین کە زۆربەمان ئاشنایەتیمان لە گەڵ شانۆ پەیدا کردبوو وە زۆر لامان موقەدەس و خۆشەویست ببوو چونکە ماوەیەک لەوەو پێش لە یەکەم کاری شانۆیی ( هاملێت ) ی نوسەری بە ناوبانگ ولیم شەکسبیر بەشداریمان کردبوو کە لە دەرهێنانی ماموستای بەنرخ و خۆشەویست خاڵە حەمە فەرەج بوو ، وە زیاتر لە ماوەی شەش مانگ سەرقاڵی پرۆڤە کردنی ئەم شانۆگەریە بوین کە بۆ هەر یەکێک لە ئێمە وەک خوێندنێکی پەیمانگا وابوو وە ماوەی یەک مانگیش پێشکەش کرا بە جەماوەر لەسەر هوڵی شانۆی ئامادەیی سلێمانی کوڕان بۆیە دوای تەواو بوونی ئەم کارە هەموو ڕۆژێک لە دوای کوتایی دەوامی قوتابخانە ئەم کۆمەڵە لاوە یەکترمان ئەبینی لەم هۆڵەو بیرمان لە دامەزراندنی تیپێکی شانۆیی قوتابیان ئەکردەوە ، کە دوایتر توانیمان ئەم تیپە دابمەزرنێن و ماوەی چەند ساڵێکیش کۆمەڵێک بەرهەمی شانۆیی سەرکەوتو پێشکەش بکەین لەوانە شانۆیی ( بەڕیوەبەری تازە، کفر ئەحمەد ، ئەمرەکەی بەگم ، توڵەیەکی بە خۆین شوراو ) و چەندەهای تر ،،!!

پاش ماوەیەک لە شاری کەرکوکەوە تیپی شانۆی مەشخەڵ شانۆیی (کوتایی دەرەبەگی ) یان هێنا بۆ شاری سلێمانی ، کە لە دەرهێنانی ماموستا ( سەلمان فایەق ) بوو ، بۆ کومەڵەی ئێمەش ڕیکەوت کە هەمووومان خۆش بەختانە وەك كۆمبارس بەشداری لەم شانۆیەدا بکەین بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی ئەکتەرەکانی خۆیان بەهۆی باری ئابوریەوە نەیان ئەتوانی ڕۆژانە هاتووچوو بکەن لە نێوان کەرکوک و سلێمانیدا چونکە ماوەی پانزە ڕۆژ ئەم شانۆگەرێکەیان لە سلێمانی پێشکەش کرد ئەمە وای کرد ئێمە زیاتر لە شانۆ نزیک ببینەوەو ئاشنایەتی و خۆشەویستیمان بۆ شانۆ زیاتر بێت ، وە بۆ مەبەستی ڕاپەڕاندنی هەندێک کاری پێویستی شانۆگەرێکە کە لە لایەن دەرهێنەرەوە پێمان سپێردرابوو ئەبوایە ڕۆژانە کاتێکی زوو لە هۆڵەکە ئامادەبین بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم کارانە ، ڕۆژێک کات ژمێر یانزە بوو ئێمە زۆربەمان لەسەر شانۆ سەرقاڵی کار کردن بووین ، ماموستایەک هاتە لامان کەسێکی باڵا مام ناوەندی سورو سپی چاو شین بوو یەکەم جار بە زمانی عەرەبی قسەی لەگەڵ کردین ، ئێمەش کەسمان بە تەواوی شارەزای زمانی عەرەبی نەبووین ، دوایتر ماموستاکە ووتی من کوردم بەڵام خەلکی ناوچەی بادینانم دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانم بەشی دەرهێنان ، لە بەغداوە وەك ماموستای بەشی هونەرو شانۆ هاتووم بۆ شاری سلێمانی و لە چالاکی قوتابخانەکان دامەزراوم ، ئێمەش هەموومان زۆر پێخۆشحاڵ بووین بە بیستنی ئەم هەواڵە کە جێگای شادمانیەکی زۆر بوو بۆ ئێمە ، لە پاش ساڵێک کە زۆربەمان خۆیندنی دواناوەندیمان تەواو کرد و دابەش بووین بەسەر قوتابخانە ئامادەیی و پیشەییەکاندا ، چالاکی قوتابخانەکان کە تەنها دەزگای هونەری بوو لەو سەر دەمەدا ساڵانە پێشبرکێەکی ساز ئەکرد بۆ قوتابخانانەکان ، هەر قوتابخانەیەک بە جیا شانۆگەریەکی پێشکەش ئەکرد لەم پێشبرکێەیەکدا، دوایی باشترین شانۆگەری پلەی یەکەمی بە دەست دەهێنا و پاداشتی وەرئەگرت ، پاشتریش ئەکتەرە بە تواناکانیش لە کۆی هەموو ئەم قوتابخانانەوە بانکێشتی چالاکی قوتابخانەکان ئەکران ، بەڕیوەبردنی هەموو ئەم کارانەش بەڕیز ماموستا غازی بامەڕنی پێ هەڵدەستا و ئامادەی ئەکرد ، شانۆی قوتابخانەکانیش بەم شێوەیە بەرەو ململانی و گەشە کردن هەنگاوی ئەنا ، ماوەی چەند ساڵێک بەم شێوەیە و بە بەشداری ئەم ئەکتەرانە باشترین شانۆگەری هەڵدەبژێراویان لەسەر ئاستی چالاکی قوتابخانەکانی هەموو ئێراق دەبرد بۆ ڤیستڤاڵی گشتی هەموو شانۆییەکان بۆ شاری بەغدا و دوو ساڵیش شاری سلێمانی توانی پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی هەموو ئێراق بە دەست بهێنێ کە بە ڕوداوێکی سەرکەوتوی ئەو کاتە دائەنرا .. !!؟ ،،،، شانۆگەریەکانیش ئەمانە بوون :ـ

یەکەم ـ شانۆیی ، ڕیڕەوی گەل ، ئامادە کردن و دەرهێنانی غازی بامەڕنی ، وەرگێرانی کاوە ئەحمەد میرزا ....

دووەم ـ شانۆیی ، شاخەوانی مەزن ، نووسینی معد الجبوری ، دەرهێنانی غازی بامەڕنی

سیهەم ـ شانۆیی ، مانگرتن ، نوسینی کلیفورد اودیتس ، ئامادەو دەرهێنانی ، غازی بامەڕنی ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم شانۆگەریانە هەمووی بە زمانی کوردی لەو ڤیستڤاڵانە و لە شاری بەغداد پێشکەش ئەکرا ،، ماموستا غازی بامەڕنی وەک ئەکتەریش توانایەکی زۆر سەرکەوتووی هەبوو نمونەش بۆ ئەمە لە کاتی پێشکەش کردنی شانۆیی مانگرتن لە شاری بەغداد کە بە هیچ ئەکتەرێکی بەشداربوو ڕانەگەینرابوو وەک مفاجئە خۆی دەوری حیکایەتخوان ( راوی ) بینی کە بووە جێگای سەرنج و ڕەزامەندی هەموو ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن و تەواوی بینەران..!!

شانۆگەری مانگرتن لە ڤیستڤاڵی ئەو ساڵەدا پلەی یەکەمی لە دەرهێنان و نواندن دا بە دەست هێنا لە کۆی زیاتر لە پانزە شانۆگەریدا کە لە هەموو چالاکی قوتابخانەکانی شارەکانی ئێراقەوە بۆ ئەم مەبەستە هێنرا بوو بۆ پێشبرکی لەم ڤیستڤاڵەی شاری بەغدا شانۆگەریەکانیش سەرکەوتوترین شانۆگەری هەڵبژاردە بوون لەم شارانەدا لەو ڤیستڤاڵەدا ، ڕۆڵی سەرەکی لە شانۆیی مانگرتن دا ئەم ئەکتەرانە بوون ( ئاسایش عوسمان دانش ، ڕۆڵی لطیف حمدان ، کەمال عومەر ، ڕۆڵی ، سەرۆکی سەندیکا ، شورش ئیمساعیل و جەمال مصطفی و بەهادین نوری ، ماموستا فایەق ، ماموستا فوئاد حمە ئەمین ئاغا ) وچەندین ئەکتەرو کەسایەتی تر ..!!
خەڵاتی باشترین ئەکتەری ڤیستڤاڵەکەش درا بە ( ئاسایش دانش و کەمال عومەر ) کە لەگەڵ زۆربەی ئەکتەرەکانی ئەم شانۆیە خۆیندکاری ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی بوون ....
ماموستا غازی بامەڕنی یەکەم کەس بوو کە لە شانۆیەکانیدا بۆ یەکەم جار شێوازی ( بریخت ) ی هێنایە سەر شانۆ لە گەڵ ماموستا ئەحمەد سالار ، خزمەتێکی گەورەی شانۆی کوردی کرد چ وەک دەرهێنەر یا وەک نوسەر و ئامادەکار ، زۆربەی کارەکانی سەرکەوتوو لوتکە بوون ، لەسەر تازە ترین ڕیباز و شێوازی ئەکادیمی و تازەگەری لە شانۆدا کاری ئەکرد ،، مرۆڤێکی میهرەبان و دڵسوز بوو ئەو کەسەی بەشداری لەگەڵ بکردایە هەمیشە حەزی بەبەردەوامی بوو لە تەکیدا ،، بەهۆی چەندان هاوڕی یەوە پەیوەندی بەهێزی هەبوو لەگەڵ تیپی نواندنی سلێمانی ، ئەو ماوەی چەند ساڵەش کە لە سلێمانی بوو لە ژورێک لە بارەگای نیشتەجێ تیپی نواندنی سلێمانی ژیانی بەسەر ئەبرد لە بینای توفیق قەزاز ، کە لەلایەن تیپی نواندنی سلێمانیەوەو ئەم هاوڕیانەیەوە بۆی دابین کرابوو لەو کەسانەش ( کاوە ئەحمەد میرزا ، سمکۆ عەزیز ، کەمال ڕەشید مختار ، عومەر دڵپاک ، عەلی نوری ) و چەندانی تر ، بەڵام حەیف و مخابن لە ساڵەکانی ۱۹۷۷ تا ۱۹۷۸ بە یەکجاری کوردوستانی بەجێهێشت و بۆ خۆیندن چوە هەندەران بۆ وڵاتی فەرەنسا و لە شاری پاریس نیشتەجێ بوو ، هەوڵی دا بڕوانامەی دکتورا لە سەر ( دراما لە ئەدەبی کوردیدا ) بەدەست بهێنێت لە دراما و ملحەمەی مەم و زینی ئەحمەدی خانێ بەڵام لە بەر سەختی ژیان لەو وڵاتە دەرفەتی بۆ نەڕەخساو نەیتوانی ئەم کارە گرنگ و مەزنە تەواو بکات ، پاشان هەوڵی دا چەند کارێکی شانۆیی کوردی لەسەر ئەرکی شارەوانی پاریس پێشکەش بکات بەڵام بەداخەوە لەمەشدا سەرکەتوو نەبوو ، تا ئێستاش دوو جار سەردانی کوردوستانی کردوەو هاتوتەوە بۆ شاری سلێمانی ، لە کارەساتی کۆچ ڕەوەکەی خەڵکی کوردوستانیش دا جارێکی تر گەڕایەوە بۆ ناوچەی بامەڕنی لە بادینان و لەگەڵ ئامۆزایەکی خۆی بوە هاوسەر و ئێستاش لە پاریس ژیان ئەبەنە سەر ، خاوەنی دوکانێکی بچوکە لە پاریس کە پێ دەڵێن کوشک ،،، لەویدا رۆژنامەو گۆڤاری تێدا دەفروشێت...!!!
ماوەتەوە ئەوەی کە سەرجەم بەرهەمەکانی ساڵانی ڕابردوی لێرەدا تومار بکەم بۆ ئەوەی وەک سەرچاوەیەک هەر بە زیندویی بمێنیتەوە کە بە سوپاسەوە لە بەڕیز کاک( کاوەی ئەحمەد میرزا ) م وەرگرت لە پەیوەندیەکی تەلەفونی دا یان ئەوانەی کە خۆم بەشداریم تێدا کردوەو یادگاریە لە بیرو هۆشمداو بیرەوەری ئەم ماموستاو مرۆڤە میهرەبان و دڵسوزەیە ،،،،
یەکەم ــ بەرهەمەکانی لە گەڵ تیپی نواندنی سلێمانی دا ؛ــ
شانۆیی ــ نرخی ئازادی ، نوسینی عەمانۆئیل رۆبڵ ، وەرگیڕانی طالب بەرزنجی ، دەرهێنانی غازی بامەڕنی ،، ساڵی ۱۹۷۱ هۆڵی ئامادەیی سلێمانی
شانۆیی ــ داوی مەرگ ، وەرگێڕانی کاوە ئەحمەد میرزا ، دەرهێنانی غازی بامەڕنی ساڵی ۱۹۷۲ هەمان هۆڵ

شانۆیی ــ چاوی کوردوستان ، نوسینی ئەمین میرزا کەریم ، لە ساڵی ١٩٧٣ هۆڵی یانەی فەرمانبەران
شانۆیی ـ کوتایی زۆردار ، ئامادەو دەرهێنانی غازی بامەڕنی ، وەرگێڕانی کاوە ئەحمەد میرزا ساڵی ١٩٧٢ هۆڵی ئامادەیی سلێمانی
شانۆیی ــ شاخەوانی مەزن ، نوسینی معد الجبوری ، دەرهێنانی غازی بامەڕنی ، هۆڵی خولد شاری بەغدا
شانۆیی ، مانگرتن ، نوسینی کلیفورد اودیتس ، دەرهێنانی غازی بامەڕنی ، ساڵی ١٩٧٥ هۆڵی ئامادەیی سلێمانی
شانۆیی ــ ڕیڕەوی گەڵ ، ئامادەو دەرهێنانی غازی بامەڕنی ، وەرگێڕانی کاوە ئەحمەد میرزا
شانۆیی ـ ئابلوقە ، نوسینی عادل کازم ، وەرگێڕانی ، عوسمان چیوار بە هاوبەشی لەگەڵ تیپی پێشڕەوی کوردی ، لەسەر شانۆی هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان پێشکەش کرا ..

دووەم ــ بەرهەمەکانی لە تەلەفیزون دا ؛ــ

(( من کێم ، دزی زۆرزان ، فیلەکەی خاوەن شکۆ ، شاخەوانی مەزن ، مانگرتن ، ژن و دادگا ،ورچ ، ڕاپەڕە ئەی گەل )) ڕاپەرە ئەی گەل وەک بەرهەمێکی شانۆیی تیپی نواندنی سلێمانی لە ساڵی ١٩٧٦ لە شاری هەولێر پێشکەش کرا بە جەماوەری ئەم شارە ئازیز و خۆشەویستە ....
لێرەدا ئەمەوی یادەوەریەکی پڕ سەروەریانەی ماموستا غازی بامەڕنی و تیپی نواندنی سلێمانی بخەمە پێش چاوی خۆینەرانی بەڕیز ، کە زۆر گرنگە وەک بەسەرهاتێکی مێژوویی ئەو سەردەمە باس بکرێت ، شانۆیی مانگرتن وەک بەرهەمێکی تەلەفیزۆنی دوای ئەوەی ئامادە کرا و مۆڵەتی فەرمی بۆ وەرگیرا لە ( ادارەی تەلەفیزۆنی کەرکوکەوە ) وەک بەرهەمێکی تەلەفێزونی تومار (تصویر ) بکرێت ، دوای ئەوەی کاتی بۆ دەست نیشان کراو ستۆدیوی بۆ ئامادە کرا تیپی نواندنی سلێمانی بەرهەمەکەیان برد بۆ شاری کەرکوک ، دوای ماندوبونێکی بەردەوام لەو ڕۆژەدا زۆربەی دیمەنەکانی بەرهەمەکە تومار ( تصویر ) کراو گەیشتە قوناغەکانی بەشی کوتایی ، ، بەڵام لە لایەن بەرپرسان و دەرهێنەری تەلەفێزونی کەرکوکەوە بە بڕیارێکی کت و پڕ تومار کردن تصویری بەرهەمەکە ڕاوەستێنراو داوایان لەغازی بامەڕنی کرد بۆ ئەوەی دیمەنێک زیاد بکات لەمەشهەدی کۆتاییدا ئەویش بەرزکردنەوەی لافتەیەک بێت لەلایەن ئەکتەرە بەشدار بوەکانەوە کە دروشمی شۆڕشی ١٧ تەموزی بەعسی ڕەگەزپەرستی لەسەر نوسرابوو ، بەڵام بەتوندی لە لایەن ماموستا غازی وە ئەمە ڕەت کرایەوە پەسەندی نەکرد ، تومار کردنی ( تصویر ) ی بەرهەکە وەستا ، هەموو ئەکتەرە بەشدار بوەکانیش پشتگیریان لە هەڵویستی ماموستا غازی بامەڕنی کردو ئازایانە دژی ئەم بڕیارە شوفێنزمانەیە وەستان بێگۆیدانە ترس و دڵە ڕاوکی تێکرا پێکەوە ستۆدیوی تەلەفیزۆنیان بەجێ هێشت و کارەکەیان تەواو نەکرد ...!!

سیهەم ــ بەرهەمەکانی لە چالاکی قوتابخانەکان ( النشاط المدرسی )

شانۆیی (( ڕیڕەوی گەل ، شاخەوانی مەزن ، مانگرتن )) و چەندەهای تر ، ئەم دوو بەرهەمەی دواییش کە شانۆیی (( شاخەوانی مەزن و مانگرتن )) ە چەند جارێک لەهەردوو تیپی نواندنی سلێمانی و چالاکی قوتابخانەکان پێشکەش کرا ، مانگرتن دواجار لە شاری سلێمانی بۆ ماوەیەک پێشکەش کرا وەک بەرهەمی چالاکی قوتابخانەکان لە هۆڵی خالدیە و دوا جار برا بۆ پێشبڕکێی ڤیستڤاڵی سەرانسەری چالاکی قوتابخانەکانی هەموو شارەکانی ئێراق کە ساڵانە ئەم ڤیستڤاڵە ساز ئەکرا بۆ ئەم مەبەستە لە شاری بەغداد لەسەر شانۆی وەزارەتی تربیە لە بەشی کەرخ پێشکەش ئەکرا ، چالاکی قوتابخانەکانی شاری سلیمانیش ئەم چەند جارە توانی پلەی یەکەمی

لەسەر ئاستی هەموو ئێراق بەدەست بهێنێ ، بێگومان ئەم سەروەریانە لەو سەردەمانەدا بۆ شانۆی کوردی ، هەمووی ئەگەڕێتەوە بۆ پسپۆڕی و لێهاتوی و بە توانایی ئەم مرۆڤە گەورەیە کە بە ڕابەرێکی مەزن و ڕێژیسۆرێکی شانۆی کوردی ئەژمێردرا ،،،، هەزاران سەڵاو لەیادی ئەم مرۆڤە بەهرەمەندو ڕابەرەی شانۆی کوردی ،،، نوسینی ئەم ڕاپۆرتاژە لە سەر ژیان و کارەکانی ڕیزدار ( غازی بامەڕنی ) بۆ من جێگای شانازی و ئەمەک و وەفاداریە بۆ ئەو ماموستایەی فیری وانەی شانۆی کردم ..؟

ئاسایش عوسمان دانش
سوید ، شاری بۆرۆس
هەژدەی نوفمبەری ساڵی ٢٠٠٦